## یاریزانی دێرینی شاری هەولێر( شێرزاد خەلیل)



# بەهیوای ئەوەم حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاورێکمان لێبداتەوە

*** کاتی خۆی وەرزش چۆن بوو ؟**

- ئێمە کاتی خۆی بە پارەی خۆمان وەرزشمان دەکرد، جل وبەرگ ولاپچینمان دەکڕی، کەچی ئێستا هەموو شتێك هەیە ئینجا تیپەکەشیان چ نییە، حەزدەکەم تیپێکی کوردیمان هەبێت نوێنەرایەتی شاری هەولێر بکەن، ئێستا لە یانەی هەولێر دە یاریزان یاری دەکەن، هیچیان کورد نینە .

*** کاتێك کە یاریزان بوون هیچ یاریزانی عەرەب لە یانەکەتان یاری دەکرد؟**

- نەخێر هەموو یاریزانەکان کورد بوون هیچ یاریزانی عەرەب یاری بۆ نەدەکردین.

***وەرزش لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆ چۆن دەبینی جیاوازی چییە ؟**

- ئێستا هەموو شتێك هەیە، هیچشیان نییە، یاریزانی عەرەب بە پارە دەهێنین یارییان بۆ بکات بە ١٠٠ملیۆن و زیاتر، ئێمە بە جەرگ یارییمان دەکرد هیچیشمان نەبوو کاتی خۆی.

**چییان بۆ من کردووە تاکو بچم سەیری یارییەکانیان بکەم**

***پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی وەرزش پێشبکەوێت ؟**

- دوو تا سێ ڕاهێنەری باش بهێنین راهێنەرایەتی تیپی لاوان و تازەپێگەیشتووان بکەن، لە ساڵی ١٩٩١ تا ئێستا ئەوە بیست ساڵە ئەگەر تیپێکت هەبووایە و پێویستت بە یاریزانی دەرەوە نەدەبوو، دەمانتوانی تیپێکی وا دروست بکەین لە هەڵبژاردەی عێراقیش بباتەوە، داواکارم گرنگیی زیاتر بە یاریزانی کورد بدەن نەوەك یاریزانی دەرەوە، چونکە کاتی خۆی دوو گۆڵچی باشمان هەبوو، کەچی ئێستا گۆڵچی عەرەب دەهێنن.

*** ژیان چۆن بەسەر دەبەیت ؟**

- ژیانێکی ئاسایی و دووبارەیە، بەیانی زوو دێمە لای خالید حەلاق و نیوەڕۆیان دەچمەوە، ئێواران دێمەوە هەمان شوێن و دواتریش دەچمەوە ئەوە بەرنامەی منە.

*** سەردانی یاریگاکان دەکەی ؟**

-ناتوانم بچم، چونکە نەخۆشم، چیان بۆ من کردووە تاکو بچم سەیری یارییەکانیان بکەم.

*** کێ هاوکاری کردووی؟**

- کاك جەودەت و قایمقامی هەولێر نیهاد لەتیف قۆجە زۆر یارمەتیان داوام، سەردانی لێژنەیەکم کردووە لە نووسینگەی تەندروستی کاك نێچیرڤان بارزانی، بەڵام تا ئێستا ناوم نەهاتۆتەوە.

*** بۆ چەند یانە یاریت کردووە؟**

- بۆ هەریەك لە یانەکانی هەولێر و بروسك وشۆڕتە وهەڵبژاردەی هەولێر یارییم کردوە، جگە لە تۆپی پێ لە یاری باسکەش یاریزانی هەڵبژاردەی هەولێر بوومە.

*** داواکاریت چییە؟**

- پارەم ناوێ تەنیا ئەو نەشتەرگەرییەم بۆ بکەن، بۆ ئەوەی لەم نەخۆشیە رزگارم بێت و ژیانێکی خۆش بەسەر ببەم، ئەوەندەی تەمەنم ماوە.

*** مووچەی وەرزشوانە دێرینەکانت پراوە؟**

- بەڵێ ماوەی ٣ساڵە، گوتیان تۆ مووچەی خانەنشینت هەیە، بەهیوای ئەوەم دووبارە بگەڕێتەوە.

***پێویستیت بە نەشتەرگەری گەورە هەیە؟**

- بەڵێ پێویستم بە سێ نەشتەرگەری گەورە هەیە و پارەیەکی زۆری پێویستە و هەردوو ئێکم و سێ بڕبڕەی پشتم پێویستیان بە نەشتەرگەری هەیە بەهیوای ئەوەم ئاورێکم لێبدنەوە.

*** تا ئێستا کەس ئاوری لێ نەدایتەوە بۆ هاوکاری کردنت؟**

- تا ئێستا کەس بەمنی نەگوتووە ناویشت چییە، حیساب بکە لە شەقامەکان کەوتوومە، هەست دەکەم منیان پشتگوێ خستووە هەر کەس لێشم ناپرسێتەوە، دوو مانگ لە لێژنەی



**دوو مانگ لە لیژنەی ئۆلۆمپی دەوامم کرد دوایی لەوێش بەرێ کرام مووچەکەیان بریم**

دیمانە: کارزان کانەبی

ڕێبین ڕەمزی

شێرزاد خەلیل ناسراوە بە شیرۆ خەلیل یەکێـك لە گۆڵچییە هەرە باشـەکانی شـاری هەولێـر و لەسـەر ئاسـتی عێراق نموونەی بـێ وێنە بوو، ناوبراو لەدایکبووی سـاڵی ١٩٥٢ی قەڵای هەولێـرە و ماوەیەکـی زۆر خزمەتی شـاری هەولێـری کردووە،بەهـۆی نەخۆشی لە جێگاکەوتووە و پێویستی بە چارەسەر کردنە، ئێمەش لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ ئەنجامدا .

## پارەم ناوێ تەنیا ئەو نەشتەرگەریەم بۆ بکەن. بۆ ئەوەی لەم نەخۆشیە رزگارم بێت

ئۆڵۆمپی دەوامم کرد دوایی لەوێش بەڕێ کرام مووچەکەیان بڕیم.

*** چی دەربـارەی مەمۆی ڕەحمەتی و نەجات عەبدولواحید دەڵێت؟**

- مەمۆ برا گەورەم بوو و ڕاهێنەریشـم بوو، نەجات عەبدولواحید ٥٠ ساڵە برادەرمە و بەیەکەوە یاریزان بووینە.

*** بۆچی یاریکردنت لـە هەڵبژاردەی عێراق ڕەتکردەوە؟**

- لەبەر خۆشەویستی هەولێر هەڵبژاردەی عێراقم ڕەتکـردەوە، لە یانەی شـوڕتەی بەغداش داواکرام هەر لەبەر خۆشەویسـتی هەولێر نەچوومە، کەچی ئێستاش کەس لێم ناپرسێتەوە.

***هیوا و ئاواتت چییە ؟**

- دەمەوێ وەرزشی کوردستان پێشبکەوێ کوردەکان یاری بکەن، نەوەك بچمە یاریگا ١١ یاریزان یاری بکات کەسـیش نەناسم، حەزم دەکرد ئێستا لەش ساغ بامایە ومەشقم بە گۆڵچییە کوردەکان کردبایە.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتایی ؟**

- بەهیوای ئـەوەم حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاوڕێکمان لێبدەنەوە، سەدانی وەکو منیش هەنە ئێستا لە کۆڵانەکان کەوتوونە، سوپاسـی گۆڤاری گوڵان دەکەم، کە لەم بارە خراپەی خۆمدا منتان بەسەرکردەوە.

## هەولێر لە بەردەم قۆناغێکی مێژوویيدا



# چوارگۆشەی زێڕینی جامی یەکێتی ئاسیا چاوەڕوانی نوێنەرانی کوردستانە

لـە چوارچێـوەی یارییەکانـی قۆناغـی هەشـتەمی جامـی یەکێتی ئاسـیا، ڕۆژی سێشـەممە یانەی هەولێـر کاتژمێر ٦ی ئێوارە لە یاریگەی شەهید فرەنسۆ هەریری لە شاری هەولێرمیوانداری یانەی پرسـیبۆرا جابۆرا-ی ئەندنووسـی دەکات و ڕۆژی چوارشـەممە لە هەمان قۆناغدا یانەی دهۆك میوانداری یانەی وەحدات-ی ئوردنی دەکات.

**هەولێر لە بەردەم قۆناغێکی مێژوویەدایە**

سێشـەممە جەمـاوەری شـاری هەولێر و کوردستان چاوەڕوانی دەستکەوتێکی مێژوویی لە یانـەی هەولێر دەکەن، کاتێـك میوانداری یانەی پرسیبۆرا جابۆرای ئەندنووسی دەکات لە یارییەکـی بەهێزدا، هەرچەندە یانەی هەولێر لە یاری چوون توانی لە دەرەوەی یاریگەی خۆی بە ئەنجامی دوو گۆڵ بەرانبەر گۆڵێك بباتەوە، بەڵام ئـەم ئەنجامە نابێتە هۆی سـەرکەوتنی یانەی هەولێر بۆ چوار گۆشەی زێڕین، چونکە یانەی پرسیبۆرا جابۆرا تیپێکی بەهێزە و خاوەنی چەندین یاریزانی پیشەگەرە و چەند یاریزانێکی لە ریزی هەڵبژاردەی ئەندنووسـیا یاری دەکات و لە یاری چووندا ئاسـتێکی بەرزی پێشکەش کرد، لەم یارییە چاوەڕوان دەکریت یانەی هەولێر بەهەمـان پێکهاتە یاری بکات لـە بەرانبەردا یانەی پرسـیبۆرا جابۆرا پێویستی بە دوو گۆڵ هەیە بۆ سـەرکەوتن بۆ چوارگۆشـەی زێڕین، بۆیە لەم یارییە چاوەڕوان دەکرێت ئەم یانەیە بە شێوازی هێرشبردن یاری بکات بۆ تۆمارکردنی گۆڵ.

**هەولێر پێویستی بە هاندانی جەماوەرە**

یانەی هەولێر ڕۆژی سێشـەممە پێویستی بە پاڵپشتی جەماوەر هەیە بۆ ئەوەی ببێتە یاریزانی ژمارەی یەك لەم یارییە و چاوەڕوان دەکرێت ڕۆژی سێشـەممە یاریگەی شـەهید فرەنسۆ هەریری پـڕ جەماوەر وەفاداری یانـەی هەولێر بێتن، لە هەمان کاتدا دەسـتەی هاندەرانی یانەی هەولێر داوا لە گشت جەماوەری ئامادەبووی نێو یاریگا دەکات، کە ڕۆژی سێشەممە بکەنە کەرنەڤاڵێکی قەشـەنگ و هەموو جەماوەر بە درێسی یانەی هەولێر لە نێو یاریگە ئامادە بن بۆ ئەوەی لە نێو یاریگە وێنەیەکی جوان دروست بێت.

**دهۆك لە بەردەم ئەرکێکی قورسدایە**

ڕۆژی چوارشـەممە لە یاریگـەی دهۆك، یانەی دهـۆك میوانـداری یانـەی وەحداتی ئوردنـی دەکات، لەم یارییە یانـەی دهۆك لە بەردەم ئەرکێکی قورسـدایە، چونکە پێویستی بە تۆمارکردنـی چوار گۆڵ هەیە بۆ ئەوەی بچێتە چوار گۆشەی زێڕین دوای ئەوەی لە یاری هاتن بە ئەنجامـی پێنج گۆڵ بەرانبەر گۆڵێك دۆڕا، لەم یارییە یاریزانانی یانەی دهۆك پێویسـتیان بە پاڵپشـتێکی بەهێزی جەماوەری دهۆك هەیە بۆ بەرزکردنـەوەی ورەیان لەم یارییە و چاوەڕوان دەکرێت هەر لە سـەرەتاوە ڕاهێنەر ئەکرەم ئەحمەد سـەلمان بە پلانی هێرشـبردن یـاری بکات بۆ ئەوەی زۆرترین گۆڵ لەم یارییە تۆمار بکات، لە بەرانبەردا یانەی وەحدات هەوڵ دەدات لەم یارییە بەشـێوازی بەرگری یاری بکات بۆ پارێزگاری کـردن لـەم ئەنجامـە گەروەیە.






## لە یاری باسکەش ئیسپانیا پاڵەوانی ئەوروپایە

لە هۆڵی زالگریس لە وڵاتی لیتوانیا یارییەکانی جامی نەتەوەکانی ئەوروپا لە یاری تۆپی باسکە کۆتایی هات و هەڵبژاردەی ئیسپانیا بۆ جاری دووەم لەسەر یەك نازناوەکەی بەدەست هێنا، لە یاری کۆتاییدا هەڵبژاردەی ئیسپانیا رووبەڕووی هەڵبژاردەی فەرەنسا بۆوە، ئیسپانییەکان بە رابەرایەتی هەردوو برا پاو گاسۆل و مارك گاسۆل کە لە خولی NBA یاری دەکەن یارییەکەیان بردەوە بە ئەنجامی ٩٨ خاڵ بەرامبەر ٨٥ خاڵ، لەم یارییەدا یاریزانانی ئیسپانیا کە زۆربەیان لە خولی NBA یاری دەکەن ئاستێکی بەرزیان پێشکەش کرد و بە شایستەیی بوونە پاڵەوانی ئەوروپا و گەیشتنیان بۆ یارییەکانی ئۆلۆمپیادی لەندەن ٢٠١٢ مسۆگەر کرد، لەو کاتەی یاریزانی ئیسپانی خوان کارلۆس نەڤارۆ خەڵاتی باشترین یاریزانی خولەکەی وەرگرت.
لە لایەکی دیکەوە لە یاری دیاریکردنی پلەی سێیەم و چوارەم، هەڵبژاردەی روسیا بە ئەنجامی ٧٢ خاڵ بەرامبەر ٦٨ خاڵ لە هەڵبژاردەی مەقدۆنیای بردەوە و پلەی سێیەمی خولەکەی مسۆگەر کرد.

## بەرشلۆنە پێویستی بە یاریزانێکی هێڵی بەرگرییە

راپۆرتە رۆژنامەوانییەکانی وڵاتی بەریتانیا دووپاتیان کردەوە یانەی بەرشلۆنە بیر لە بەهێزکردنی هێڵی بەرگری دەکاتەوە لەرێگای هێنانی یاریزانێکی تازە لە وەرزی گواستنەوەی زستانەدا لە سەرەتای ساڵی ٢٠١١، راپۆرتەکان ئاماژەیان بەوەدا کە یانەی هەرێمی کەتالۆنیا بیر لە یاریزانی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا و یانەی بۆلتن واندەرز گاری کاهیل دەکاتەوە کە چەندین یانەی خولی ئینگلتەرا داوایان کردبوو لە وەرزی گواستنەوەی هاوینەدا بە تایبەتی یانەی ئەرسنال، بۆندی یاریزان کاهیل لە گەڵ یانەی بۆلتن لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١٢ کۆتایی دێت و ئەوەش مانای ئەوەیە کە نرخەکەی هەرزان دەبێت، یانەی بەرشلۆنە بە نیازە هەمان سینا ریۆ ی هێنانی یاریزان ئەفیلای لە گەڵ یاریزان کاهیل دووبارە بکاتەوە کە هەمان بارودۆخی هەبوو کە لە کۆتاییدا ئەفیلای بە ٤ ملیۆن یۆرۆ هاتە یانەی بەرشلۆنە.
شایانی باسە یانەی بەرشلۆنە لە سەرەتای ئەم وەرزەوە لە هێڵی بەرگری تووشی کێشە بووە بە هۆی پێکانی هەردوو یاریزان کارلیس پیۆل و جیرار پیکێ هەر بۆیە ناچارە لە وەرزی گواستنەوەی زستانەدا یاریزانێکی هێڵی بەرگری بکرێت.



## خێراترین ١٠گۆڵ لە مێژووی چامپیۆنز لیگ




دوای ئەوەی یاریزانی بەرازیلی ئەلیکساندەر پاتۆ ئەستێرەی یانەی میلانی ئیتالی لە دوای ٢٣ چرکە گۆڵی یەکەمی یانەکەی بەرامبەر یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی تۆمار کرد لە گەڕی یەکەمی قۆناغی گروپەکانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا، ماڵپەری ویکپیدیای جیهانی ریزبەندێکی تازەی بە خێراترین ١٠ گۆڵ لە مێژووی چامپیۆنز لیگ بڵاو کردەوە و گۆڵەکەی پاتۆ پلەی پێنجەمی وەرگرت، ئەمەش ریزبەندی خێراترین ١٠ گۆڵە لە مێژووی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا:

١- گۆڵی رۆی ماکای یاریزانی یانەی بایرەن میونیخی ئەڵمانی لە بەرامبەر یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی لە دوای (١٠,٠٢) چرکە لە ساڵی ٢٠٠٧.

٢- گۆڵی جیلبەرتۆ سیلڤا یاریزانی یانەی ئەرسنالی ئینگلیزی لە بەرامبەر یانەی ئایندهۆڤنی هۆڵەندی لە دوای (٢٠,٠٧) چرکە لە ساڵی ٢٠٠٢.

# ڕاهێنەری مان سیتی هێشتا داوای یاریزانی تازە دەکات



ڕۆبەرتۆ مانشینی ڕاهێنەری یانەی مانچستەر سیتی ڕایگەیاند یانەکەی پێویستی بە یاریزانی تازە هەیە لە قۆناغی داهاتوو بۆ ئەوەی بتوانێت ململانێ لەسەر نازناوەکان بکات، یانەی مان سیتی لە سێ وەرزی ڕابردوو زیاتر لە ٣٠٠ ملیۆن پاوەندی خەرجکردووە لە کڕینی کۆمەڵێك ئەستێرەی تۆپی پێی جیهانی کە دواترینیان یاریزان سیرجیۆ ئەگوێرۆ بوو بەرامبەر ٣٨ ملیۆن پاوەند.

ڕۆبەرتۆ مانشینی لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی میرەری بەریتانی گوتی: تیپەکەمان پێویستی بە یاریزانی تازە هەیە، ئێمە یاریزانی زیاد لە پێویست تەنها لە هێرشبەران و دوو باڵەکەی بەرگری چەپ و ڕاستمان هەیە، بەڵام لە شوێنەکانی دیکە بە پێکانی هەر یاریزانێکی سەرەکی کێشەمان بۆ دروست دەبێت چونکە یاریزانی یەدەگمان نییە، بۆ نمونە لە شوێنی یاریزانی ناوەڕاستی بەرگری تەنها نایجل دی یۆنگ و جیمس میلنەرمان هەیە کە پێکانیان تووش دێت، یاریزانێك نییە شوێنیان بگرێتەوە.




٣- گۆڵی ئەلیساندرۆ دیل پییێرۆ یاریزانی یانەی یۆڤانتسی ئیتالی لە بەرامبەر یانەی مان یونایتدی ئینگلیزی لە دوای (٢٠,١٢) چرکە لە ساڵی ١٩٩٧.

٤- گۆڵی کلارینس سیدۆرف یاریزانی یانەی میلانی ئیتالی لە بەرامبەر یانەی شالکەی ئەڵمانی لە دوای (٢١,٠٦) چرکە لە ساڵی ٢٠٠٥.

٥- گۆڵی ئەلیکساندەر پاتۆ یاریزانی یانەی میلانی ئیتالی لە بەرامبەر یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی لە دوای (٢٣) چرکە لە ساڵی ٢٠١١.

٦- گۆڵی دایان ستانکۆڤیج یاریزانی یانەی ئینتەرمیلانی ئیتالی لە بەرامبەر یانەی شالکەی ئەڵمانی لە دوای (٢٥) چرکە لە ساڵی ٢٠١١.

٧- گۆڵی ماریانۆ بۆمباردۆ یاریزانی یانەی ڤیلیم تیلبۆرگی هۆڵەندی لە بەرامبەر یانەی سپارتا براگی چیکی لە دوای (٢٨,٢١) چرکە لە ساڵی ١٩٩٩.

٨- گۆڵی ئەلیکساندرۆس یاریزانی یانەی پاناسینایکۆسی یۆنانی لە بەرامبەر یانەی ئەلبۆرگی دانیمارکی لە دوای (٢٨,٤٦) چرکە لە ساڵی ١٩٩٥.

٩- گۆڵی دیکۆ یاریزانی یانەی پۆرتۆی پولاتوگالی لە بەرامبەر یانەی مۆلدی نەرویژی لە دوای (٣٠,٠٨) چرکە لە ساڵی ١٩٩٩.

١٠- گۆڵی ئەندریاس مۆلەر یاریزانی یانەی بروسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانی لە بەرامبەر یانەی یۆڤانتسی ئیتالی لە دوای (٣٧,٠٤) چرکە لە ساڵی ١٩٩٥.

ئامادەکردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: سالار جەلال

# دهۆک کۆنترۆڵی پاڵەوانییەتی تێنسی سەرزەوی یانەکانی کوردستانیان کرد

لە شاری دهۆك بەسەر پەرشتی یەکێتی ناوەندی تێنسی سەرزەوی کوردستـــتان و بەهاوکاری لقی دهۆکی یەکێتییەکە وەکو پرۆگرامی ســالانەی خۆی یەکێتی تێنسی سەرزەوی کوردستان هەڵسا بە ئەنجامدانی پاڵەوانێتی کراوەی یاریزانانی تەمەن ١٤و ١٦ساڵ بۆ یانەکانی کوردستان، یارییەکانیش بۆ ماوەی دوو رۆژ لەســەر یاریگەی یانەی دهۆك بەڕێوە چوو، لە پاڵەوانێتییەکەش ٢٧ یاریزانی هەریەك لە یانەکانی (یێ ارارات،قەلا،ئالا،دهۆك،زێرەڤانی،کە رکووك،سێمێل،ئەرمەن،غازی باکور) بەشدارییان کردو یاریزانانی بەشداربوو ئاســتێکی بەرزیــان پێشــکەش کرد. ئەنجامی کۆتایی یاریزانانیش بەم شێوەی خــوارەوە بوو،یاریزانانــی دهۆك توانیان باڵا دەستی خۆیان لە پاڵەوانیتیەکە بنوێنین.

ئەنجامی ١٤ساڵ

١-یاسر ئیســماعیل دهۆك،

٢-ســەمیان عیمــاد دهــۆك،

٣-ئەحمەد مەسعود دهۆك.

ئەنجامی ١٦ساڵ

١-سۆران محەمەد ئارارات،

٢-رەیــان تاریــق دهــۆك،

٣-هەمــزە خورشــید دهۆك.






## لە یاری دامە هەولـــــــ

لە شاری ســلێمانی لە هۆڵی بەڕێوەبەرایەتی وەرزش ولاوانی سلێمانی،بەسەر پەرشـــتی وەزیری رۆشنبیری ولاوان و بەڕێوەبەرایەتی یارییە میللیەکانی سەر بە وەزارەتی رۆشـــبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆماوەی سێ رۆژ پاڵەوانێتی دامەی هەڵبژاردەی شــارەکانی کوردســـتان بەڕێوە چوو، مەبەست لە کردنەوەی پاڵەوانێتییەکە زیندوو کردنەوەی یاری فۆلکلۆری کوردیە و لە شارەکانی کوردستان بەتایبەتی چینی بە تەمەنەکان گرنگییەکی زۆر بە یاری دامە دەدەن لە شارەکانی کوردستان، هەڵبژاردە بەشـــداربووەکانیش پێکهاتبوون لە هەریەك لە تیپی هەڵبژاردەی شارەکانی (هەولێر، دهۆك، کەرکووك، سلێمانی،گەرمیان) کە پێکهاتبوون لە ٢٠ یاریزان لە هەر پێنج هەڵبژاردە ململانێی بەدەستهێنانی نازناوی پاڵەوانێتیەکەیان دەکرد.شــایەنی ئاماژە پێکردنە سەرجەم خەرجی ئەو پاڵەوانێتیە

## پەروەردەی خەبات کۆبوونەوەی ساڵانـــــ

لە هۆڵــی ئامادەیی ئاریای کچان لە قەزای خەبــات بە ئامادەبوونی مامۆســـتا بەکر کەریم بەڕێوەبەری پەروەردە و سەرپەرشـــتیارانی وەرزشی و مامۆســـتایانی وەرزشی ســـنووری قەزای خەبات و ناحیەی رزگاری و ناحیەی دارەشکران وسەرجەم مامۆســـتایانی وەرزشی سنووری پەروەردەکە ئامادەی کۆبوونەوەی ســـالانەی مامۆســـتایانی وەرزشـــی بوون، کەوەکو پرۆگرامی سالانە لەگەڵ ســـەرەتای وەرزی نوێ خوێندن ئەنجامی دەدەن لەگەڵ مامۆستایانی وەرزشـــی، لە کۆبونەوەکەشدا سەرەتا مامۆستا بەکر بەڕێوەبەری پەروەردەی خەبات وتەیەکی پێشـــکەش کردو باسی لە گرنگی وانەی وەرزشـــی کرد کە هیچی لە وانەکانی تـــری نێو هۆڵەکانی خوێندن کەمتر نییە، گوتیشی دەبێت مامۆستایی وەرزش رۆڵی خۆی بە دڵسۆزانە بەڕێوەببات، دەمەوێ لەمەودا هیچ کەمتەرخەمێك نەبێت لە وانەی وەرزشی ئێمەش ســـەرجەم پێداویستییەکانی وەرزشـــیتان بۆدابین دەکەین و ئەوپەڕی توانای خۆمان دەخەینە گەڕ بۆپێشـــکەوتنی وانەی وەرزشی،داواشـــی لە



# تیپی گۆڕەپان و مەیدانی پێشمەرگەی هەولێر دامەزرا



یانەی پێشمەرگەی هەولێر بڕیاریدا تیپێکی گۆڕەپان و مەیدان لەسەر ئاستی کچان دابمەزرێنێت، ئەم تیپە بە ڕاهێنەرایەتی هەردوو ڕاهێنەری بە توانا مامۆستا ڕەعد عەبدوڵڵا و سیروان حامدە، تیپەکە لە حەوت یاریزان پێکهاتوون، کە زۆربەیان پاڵەوانی عێراق و کوردستان و هەندێکیان بەشدارییان لە پاڵەوانێتیەکانی ئاسیا و عەرەب کردووە ئەنجامی بەرچاوەیان بە دەستهێناوە، یاریزانەکانیش بریتین لە (بەهار خەسرۆ، شێنێ عەزیز، دلسۆز عوبێد، زەینەب حوسێن، نور حوسێن، ناز تحسین، دینا حاتم)، ئەم تیپە بایەخێکی تەواوی لە لایەن یانەی پێشمەرگەی هەولێر پێ دەدرێت و چاوەڕوانی بە دەستهێنانی ئەنجامی باشیان لێ دەکرێت.



## ...ێر بووە پاڵەوان

لە ئەستوی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان بوو، سەر ئەنجامیش هەڵبژاردەی هەولێر نازناوی پاڵەوانێتییەکەی بەدەستهێنا .ئەنجامی کۆتایش بەم شێوەیەی خوارەوە بوو.

ئەنجامی تیپ

١-هەولێر ٥١ خاڵ، ٢-کەرکوك ٣٣ خاڵ، ٣-دهۆك ١٢ خاڵ، ٤-سلێمانی ٣ خاڵ.

ئەنجامی تاکی یاریزانان

١-نزارناسح هەڵبژاردەی هەولێر، ٢-مەسعود حوسێن هەڵبژاردەی هەولێر، ٣-عەلی عەبدوڵڵا هەڵبژاردەی هەولێر، ٤-جەبار غەریب هەڵبژاردەی کەرکووك.

## ...ەی مامۆستایانی وەرزشی ئەنجامدا

مامۆستایانی وەرزشی سنوورەکە کرد کە جموجۆڵێکی باش بکەن بۆ خزمەتی وانەکە و تیپی بەهێز ئامادە بکەن بۆ پاڵەوانییەتیەیکانی داهاتوو،لە کۆتایشدا داوای لەسەر پەرشتیارانی وەرزشی کرد کە لیژنەیەك دروست بکەن بۆ مامۆستایانی وەرزشی مانگانە لەکەم و کوڕیەکانیان بکۆڵنەوە، دواتریش سەرپەرشتیارانی وەرزشی باسیان لە گرنگی وانەی وەرزش لە قوتابخانەکان وپرۆگرامی ساڵانەی خویان بۆمامۆستایانی وەرزشی روونکردەوە سەبارەت بە یارییە رێکخراوەکانیش چەندین رێنمایی گرنگیان بەخشییە مامۆستایانی ئامادەبوو،دواتریش دەرگای پرسیار کردن بە رووی مامۆستایانی وەرزشی والاکرا بۆ هەر کەم و کورتییەك وپێشنیارێك بۆبەرەو پێشچوونی وانەی وەرزشی خرایە روو ئەویش وەڵامی سەرجەم پرسیارە و پێشنیارەکانی دایەوە بەڵێنی لە بواری پەروەردە و وانەی وەرزشیدا زیاتر خزمەت بکات.

